# دیارییەکی قەشەنگ بۆ بزووتنەوەی شانۆی کوردی



ئاشتی عوسمان دانش

سەرەتا بە دامەزراندن و دامەزراندیش دەبێتە ماک و هەوێنی هەر چالاکییەکی مرۆڤانەی خزمەت بە ڕەوتی ژیانی مرۆی سەر ئەم گۆیە، بۆ ئەوەی ئامانجە ڕەوشتی و جوانییەکانی لە خەوەوە بۆ سەرزەمینی واقیع بنەخشێنێت، کۆمەڵایەتیترین بواری هونەر بە درێژایی سەردەمەکان «شانۆ»یە... چونکە هێزێکی سیحراوی و هەرە نزیک لە مرۆڤەوەی لە ناخ و ئامێز و دووتێی بیر و کردەکانیان بۆ مرۆڤایەتی هەڵگرتووە.
هەمیشە کەسانی خەمخۆری ئەم بوارە زیندووە عاشق بوون و بە عەشقێکی پیرۆزەوە سەوداسەری بوون، ئەم هونەری شانۆیە سەرەتا بۆ تەمجید و ڕێزلێنانی خواوەندەکان و پیاوانی پایەبەرزی دەوڵەت لەڕێی جەژنەکان و ئاهەنگگێڕانەوە دیۆنیزییەکانەوە، بە ئاهاتی ئایینی پیرۆز پەیوەست بە گەلی یۆنانی لای گریکەکان سەری هەڵدا، ئەو شوێنەی ئاهەنگەکانی تێدا دەگێڕدرا ناونرا «شانۆ» و شاعیرە پایەبەرزەکانی ئەودەمیش کە کاریان بۆ ئەم یۆنانە دەکرد چوونە خانەی بنیاتنەر و دامەزرێنەرانی هەرە سەرەتاکانی بواری شانۆوە، شانۆگەریش لای ئەمانەوە؛ گریکەکان، سەری هەڵدا و یەکەم پزیسکی خۆری جوانی زۆر نزیک بەخشی..
بێگومان نەک هەر شانۆ. بۆ ئێمەی کورد مێژووی زۆربەی گشت بوارەکان ونن، جا بە هەر هۆیەک بێت ئەوە جێی نەک داخ و کەسەرێکی زۆرە بەڵکو لە دەستچوونی چەندان گەواهی لەژمارەنەهاتوون کە بوون و بنیاتی ئەم میللەتە هەرەکۆنەی سەر گۆی زەوی دەسەلمێنن، بۆیە هەر کارێک دۆزینەوە و چەسپاندنی مێژوو دێتە کرانەوە ئەوە بێگومان لە خانەی خزمەتدا وەک پرشنگی ڕووناکی هەمیشە شەوق و ڕەونەقی دڕ بە ئاوابوون دەدات.
کتێبی (شانۆگەرییەکانی سلێمانی لە سالانی ١٩٢٦-١٩٦١) لای هونەرمەندی ئازیز یاسین قادر بەرزنجی بەرهەمی تێکۆشان و هیلاک بوون و شەونخونییە بۆ زیاتر باڵابەرز کردنی خەرمانی ئەم مێژووە، کە وتراوە هەر گەلێک خاوەنی مێژووی ڕووناکی خۆی نەبێت ئەوا میللەتێکی لەبیرکراوە.. ئەم کتێبە یەکێکە لە زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەسگای چاپ و پەخشی سەردەم کە لە دووتوێی قەبارەیەکی مامناوەندی (٩٧) لاپەڕییدا بە کۆمەڵێک زانیاریی بەنرخ و وێنەی دانسقە چاپکراوە، ئەم کتێبە لە ڕووی وەفاوە بە هونەرمەندی کۆچکردوو مامۆستا عوسمان چێوار پێشکەش کراوە، سەرەتا پێشەکییەکی بەپێزی هونەرمەندی گەورە مامۆستا ئەحمەد سالار بووەتە دەستپێکی ئەم بەرهەمە لە بەشێکی ئەم پێشەکییەدا دەڵێت: "لە شانۆدا گەلێک سەربازی بێناو، ونبوو هەن، کە هیچیان نە لەبەرچاوی بینەرانن و نە بەر شاباشی تەحا تەحا و چەپڵەکوتان و گوڵباران دەکەون، ئەوانەی خۆیان نەزری بەختگا پیرۆزەکەی عەشقی هونەر کردووە، ئەو کەسانەی گوڕ بە بزووتنەوەی شانۆییەکەمان دەدەن، چ وەک لەسەر نووسین، یان ڕەخنەلێگرتن بە واتا فراوانەکەی، یاخود تۆمارکردنی مێژووی ڕووداوەکان و دەستنیشانکردنی هەنگاوەکان و دەستخستنە سەر خاڵە دیار و ئاشکراکان."
دیارە کاک سالار زۆر باش درکی بەم جۆرە بۆشاییەی مێژووی شانۆ کردووە و بە پێویستییەکی زیندووشی زانیوە بۆ باری ڕۆشنبیریی کورد، لە بەشێکی تری نووسینەکەیدا لە بارەی نووسەرەوە دەڵێت: "یەکێک لەو هەرە دڵسۆزانە هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجییە، خاوەنی ئەم بەرهەمەی وا لە نێوان دەستی ئێوەی بەڕێزدا، بەڵێ مایەی ڕەنج و کۆشش و پشکنین و خۆماندووکردنێکی چەندە ساڵەیە."
پاشان بەرزنجی وەک بەراییەک بەو وتەیە چەند ڕازێک لەسەر ئەم کتێبە دەدرکێنێت و دەڵێت: "بەلای منەوە هەرچۆن لە نووسینەکانی پێشترمدا ئاماژەم پێکردووە شانۆی کوردی لە کوردستانی عێراقدا بە سێ قۆناغدا ڕەت بووە قۆناغی سەرەتا و دەرکەوتن (کە لەم کتێبەدا باس لە شانۆگەرییە بەراییەکان کراوە) تا دەگات بە ساڵی ١٩٥٨، قۆناغی دووەم لەدوای شۆڕشی تەمموزی ٥٨ەوە تا دەگاتە سەرەتای شەستەکان و ئیدی بە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردەوە دەنگ و ڕەنگی شانۆمان نەماوە و لە کۆتایی شەستەکانەوە و بەتایبەت پاش بەیاننامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ قۆناغی سێیەم دەستی پێکردووە، دەکرێت سالانی گەشی پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دەسپێکی قۆناغێکی نوێ بێت بۆ هونەر و شانۆمان."
بێگومان ئەم کتێبە تەرخانکراوە بۆ ئەرشیفکردن لەسەر نووسین و لێکۆڵینەوەی تەنیا شانۆگەرییەکانی شاری سلێمانی، وەک یەکەم شانۆگەری و پاشان بەردەوامبوون تا سالانی ١٩٦١، بێگومان تیشک و ڕووناکی خستە سەر هەر لایەنێکی شاراوەی بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، ڕزگارکردن و نەفەوتاندن و خزمەتێکی مەزنە، چ بە بوارەکانی جووڵانەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری و کولتووری هەر نەتەوەیەک و ڕێزگرتن و بەرچاوخستنی ماندووبوون و هیلاکبوونی پێشڕەوانێتی لەسەر ئاستی بەرەوپێشەوەبردنی میللەتکەی، بۆیە ئەمەکی مێژووش لە دووتوێی یادەکانیدا لەسەری سەروەری خانەی خزمەتکردندا پایە و پلەی بۆ دادەنێت.
ئەگەر بڵێین شاری سلێمانی هەمیشە مەڵبەندی یەکەم و شوێنی هەڵکردنی گشت چراکانی بوارە جیاجیاکانی ژیان بووە، ئەوە زیادەڕۆیی نییە هەمیشە هونەر و بە تایبەتیش شانۆ دەوری گەورەی لە بەرچاوی لە بەرەوپێشبردنی ژیاری کۆمەڵایەتیدا بینیوە، ئەم بەرهەمە ناوازەیەی (کاک یاسین) پێش چراهەڵکردنێکە لە بەردەم مێژووی نزیکەی نیو سەدە. لە بەرهەمی پێشڕەوانی بە ئەمەک و دڵسۆزانی ئەم شارە لە بواری بزووتنەوەی شانۆدا، دیارە بە بڕوای بەرزنجی و چەندان هونەرمەندی تریش، سەرەتای سەرهەڵدانی هونەری شانۆ ساڵی ١٩٢٥-١٩٢٦ە و بە خاڵی دەستپێکردنی دادەنێین، هەرچەندە گومانیش لەوەدا نییە شانۆی لای ئێمەی کورد دەخیلە و ڕەسەن نییە یان هیچ بەڵگە و زانیارییەکی وەها لەبەر دەستدا نییە کە کورد لە دێرزەمانەوە خاوەنی ئەم هونەرەیە، ئەوەتا نووسەر لە دەسپێکی کتێبەکەیدا باس لە هەوڵی ئەو مامۆستا و پێشڕەوانە دەکات کە دوور لە شارەکەی خۆیان لە شاری بەغدا ئاوێزانی چەندین




بەرهەمی عەرەبی ئەو کاتە بوون و بیر و هۆشیانی داگیر کردووە و، کاتێ لەوێندەر قوتابی بوون بۆ سەیری چەندین شانۆگەری چوون یان لە قوتابخانەکانی خۆیاندا لە تەکماندا و بەشدار بوون و، پاشان کە بەرەو سلێمانی گەڕاونەتەوە هەمان بەرهەمیان بۆ کوردی وەرگێڕاوە و پێشکەش بە بینەرانیان کردووە، ئیتر ئەمە لە ناخ و هزریاندا چەکەرەی کردووە و بووە بە سەرەتای دەستپێکردن و کارکردن لەو مەیدانەدا بە نیازی پڕکردنەوەی بۆشاییەک لەو جۆرە هونەرە و خزمەتکردن بە میللەتەکەیان، دیارە هونەرمەند یاسین بەرزنجی بەڕاستی دوای کارێکی قورس و پیرۆز و، گەڕان و ماندووبوونی زۆری بۆ ساخکردنەوە و ئەرشیفکردنی گشت بەرهەمەکانی ئەو سەردەمە بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە یان داناوە. نووسەر پشتئەستوور بە چەندان سەرچاوە و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە و یان دەستنووس یان گفتوگۆ و دیدار لەتەک بەشداربووانی ئەوسای جووڵانەوەکە، کتێبەکەی بە ڕیزبەندی ساڵ و بەرهەمە پێشکەشکراوەکان لەتەک لێکۆڵینەوەی خۆی و چەند نووسێنێکی قەڵەم بە بڕستی ئەو کاتە دیاری کردووە، ئەوەی جێی سەرنجە دەبینین گشت بەرهەمەکان هەوڵی چەندان قوتابی و مامۆستا بوون، کە زۆربەی کارەکان بە هۆی بۆنەیەکەوە یان لە بۆنەیەکدا پێشکەش کراون، پاشان سوود و قازانجی ئەم بەرهەمەش هەر لە پێناوی زانست و قوتابخانە و یان دەستگیرۆییکردنی لێقەوماوانی کارەساتە سروشتییەکان و باربووی هەژاراندا بوون، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کاک یاسین بە ڕێزەوە دەستنیشانی خۆنەویستیی ئەو کۆمەڵە لاوەی کوردی کردووە کە جگە لە ماندووبوون و خزمەتکردن بە بواری شانۆ و خزمەتی باری کۆمەڵایەتی هیچ ئامانجێکی تریان نەبووە، دیارە لەو سەردەمەدا کۆمەڵی زانستی کوردان، کە دامەزراوە جگە لە ئامانجە پەروەردەییەکەی هەمیشە پشت و پەنای ئەو لاوانەش بووە کە ویستوویانە شانۆگەریی پێشکەش بکەن، کاک یاسین باس لە دامەزراندنی قوتابخانەی کچان دەکات لە شارەکەدا و کە لەو سەردەمەدا گرنگییەکی مێژوویی گەورەی هەبووە و هەرچەندە لە تانە و تەشەری خەڵکیش بێ بەش نەبووە.
ئەوەی لەم بارەیەوە دیاری کراوە ئەوەیە ئەم کچانە بە هیمەتی مامۆستاکانیان لە پێشکەشکردنی شانۆگەریی بێ بەش نەبوون، ئیتر نووسەر گشت ئەو بەرهەمانەی ساخ کردۆتەوە کە ساڵ بە ساڵ پێشکەش کراون، ئەوەی جێی سەرنجە لێدوانەکان باس لە سادەیی ئەوسای شانۆ دەکات چ لە هەڵبژاردنی تێکستەکان و کە زۆربەیان کوردی بوون باسی لە ئازار و مەینەتی و کەموکوڕییەکانی ئەوسای کۆمەڵی کودەواریی کردووە، کەچی لە لایەکی ترەوە پشتیان لە ئەدەبی غەیرەکوردیش نەکردووە و سوودمەند بوون لێی، هەر لە لایەکی ترەوە باس لە هەژاری شانۆ دەکات کە سەرەتا پەنایان بۆ ماڵێک یان ئوتێلێک بردووە و بەرهەمەکانیان تێدا پێشکەش کردوون، هەروەها سادەیی و ساکاریی لە ڕووی هونەرییەوە چ وەک کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و ڕووناکی و دیکۆر و جلوبەرگ و شتی تر، کە زۆربەیان بە خواستن پەیدا کراون، لە لایەکی ترەوە تا ساڵەکانی پەنجاکان بەرزنجی باس لەوە دەکات کە بەناچاری بە زۆریی پیاوان کاراکتەری کچەکانیشیان دیاری کردووە هەرچەندە بوونەتە جێی تانەوتەشەرلێدان لە لایەن خەڵکییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ خۆشەویستیی شانۆ و خزمەتکردن بە ڕۆحێکی گەورەوە گوێیان پێ نەداوە. کاک یاسین هەمیشە دەوری گرنگی ڕۆژنامەنووس و شاعیر و ڕووناکبیری گەورەی گەلەکەمان پیرەمێردی لە یاد نەکردووە، کە لە هاندان و لەسەرنووسینی ئەم کارانەش بێ بەش نەبووە و لە ڕۆژنامەی (ژیان)ی ئەوسادا بە قەڵەمە بە بڕشتەکەی لەسەر زەرووره‌تی بوونی ئەم هونەرە و شانۆگەرییەکان نووسینی بەپێزی هەبووە. بێگومان ئەوەی دەبێت بووترێت نووسەر ئەوەی دیاری کردووە کە تا سالانی ١٩٥٦ هیچ دامەزراوەیەک یان تیپێکی هونەری، یان پسپۆڕ و شارەزای دەرچووی پەیمانگایەکی هونەری نەبووە، زیاتر هونەرمەندەکان بە ئەزموونی خۆیان کە بەشی زۆریان قوتابی بوون بۆ برەودان بەم بوارە خەم سارد نەبوون و بەرهەمی ناوازەیان پێشکەش کردووە. ساڵ بەساڵ بەرەوپێش چوون و لەتەک خۆشیاندا جەماوەریان بۆ شانۆ کۆکردۆتەوە و بێگومان هەروەک دەستنیشانکراوە، چەندین جار لە لایەن ڕژێمەکانی ئەوساوە بەر شاڵاوی لێپرسینەوە و گرتن هاتوون، دیارە شانۆ هەر لەو قاوغە تەسکەی خۆیدا نەماوەتەوە و برەوی سەندووە، ئەوەتا کاک یاسین باس لە پێشکەشکردنی یەکەمین دەقی جیهانی دەکات لە ساڵی ١٩٤١دا کە شانۆگەریی (بازرگانی ڤینیسیا) بووە کە لە نووسینی شکسپیر و پاشان (عطیل) و چەندانی تر، باری شانۆ هەروا بەردەوام بووە تا ساڵی ١٩٥٦ کە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لە سلێمانی دامەزراوە، ئیتر نووسەر باس لەوە دەکات هونەرمەندانی شانۆ لە دامەزراوەیەکی هونەریدا ڕێکتر و چالاکانەتر لەژێر دەوارەکەیدا کۆبوونەتەوە و بەرهەمەکان چەندان ناوی نوێی تری بواری شانۆی لە خۆی کۆکردۆتەوە، کە بەشێکیان گەر مردن مەودای دابن تا ئەم ڕۆژگارەش بەردەوامن، یا هەندێکیان ئەوسا حەز و خولیاکانی داون کە بەرەو شاری بەغدا بکەونە ڕێ و بۆ پەیمانگای هونەرجوانەکان چوون و پاشان بە زانستی نوێی شانۆییەوە بەرەو شار و تیپەکانیان گەڕاونەتەوە و بەرهەمی جوان و بەپێزییان خستۆتە نێو مێژووی شانۆی کوردییەوە. کاک یاسین بەوە نەوەستاوە تەنێ لە ڕووی ئەرشیفەوە خاڵەکان و شانۆگەرییەکان ڕیزبەند بکات، بەڵکو بە ماندووبوونێکی زۆر بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەی لاپەڕەکانی ئەوسای گۆڤار و ڕۆژنامەکانی چاک پشکنیوە و چەندین نموونەی لەسەر نووسین و ڕەخنەی چەندین بەڕێزی زیندوو کردۆتەوە. دیارە جگە لە



یاسین قادر بەرزنجی

کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان، باس لە چالاکیی تیپی هونەری تریش کراوە کە ئەویش (تیپی لاوانی سلێمانی)یە کە لە ساڵی ١٩٥٩دا شانۆگەریی (شەوی کۆتایی)یان پێشکەشک ردووە، هەروەها بەرزنجی دەوری گەورەی ئافرەتی کوردی زۆر جوان نرخاندووە، کە لەو باروزروفانەی ئەوسادا جگە لە بەشداریکردن، لە توانای هونەریشیان دواوە و بەڕاستی هەقی خۆیانی داونەتێ، ئەوەی تێبینی دەکرێت لە دوای سالانی (١٩٥٨)ەوە چەند ئەکتەرێکی ژن لەتەک براکانیاندا بەشدار بوون، ئەم بەشداریکردنەش بۆ ئەو کاتە پایەی چاوکراوەیی و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی سلێمانی دیاری دەکات، ئێمەش لەتەک کاک یاسیندا ناوی ئەو خوشکە هونەرمەندانە تۆمار دەکەین کە بە گیانی لەخۆبردوییەوە خزمەتیان بە شانۆ کردووە لەوانەش (گوڵزار عومەر و نەرمین ناکام و نەجات مەحوی).
هاتینە سەر ناو و بەڕاستی ئێمە ئەرکی ئەوەمان نییە کە لیستێکی زۆری ئەو هونەرمەندانە جارێکی تر لێرەدا بنووسینەوە کە بە ڕاستی دەوری دیار و گەشاوەیان لەم بزووتنەوە هونەرییەی شانۆدا هەبوو، چونکە بەرزنجی نووسەر لە کتێبەکەیدا بەوەفاوە وا بزانین ناوی کەسی لە بیر نەکردووە کە ئەمەش خزمەتێکی باشە بۆ ماندووبوونی ئەو هونەرمەندانە، بەڵام نابێت ناوی پێشڕەوان تۆمار نەکرێت و ئێمەش لەتەک یاسیندا سڵاوی وەفا و حومەرت بۆ هونەرمەندان (فوئاد ڕەشید بەکر، عبدالواحید نوری و شێخ نوری شێخ ساڵح و دەوری فاتمە محێدین و گوزیدەخان) و هەموو ئەو دڵسۆز و پێڕەوانە دەنێرین کە بە کامی دڵەوە بۆ خزمەتی میللەتەکان بەردی بناغەیان لەسەر یەک نا و جێدەستیان تا هەتایە وەک خۆر دەدرۆشێتەوە.
ماوەتەوە بڵێین لەم باسە کورتەدا، دەبێت ماندووبوون و شەونخونیی هونەرمەند یاسین بەرزنجی بە هەند بگرین و لە ناخەوە دەستخۆشی لێ بکەین بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە دیاردەی نێو بزووتنەوەی شانۆی کوردی، هەرچەندە کتێبی "شانۆگەرییەکانی سلێمانی" زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت لەسەری بنووسرێت و ئێمەش هیوادارین بەرهەمی بەپێزی تری لەم بابەتەی بەدوادا بێت و تا ڕوویەکی گەشتر بە بزووتنەوەکەمان ڕەوا بینرێت، هەروەها واش پێشنیار دەکەین لەم ڕۆژگارەی ئازادیدا خۆزیا پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکانی شارەکانی کوردستان لەتەک مێژووی شانۆی جیهاندا ئاوا مێژووی شانۆی خۆشمان فەرامۆش نەکرێت و وەک وانە بوترێتەوە تا کادیرانی ئەو بوارەی شانۆ هیچ نەبێت لە بەرهەم و ماندووبوونی هونەرمەندانی سەرەتاکان و سالانی دواتریش شارەزا بن و زیاتر لەڕێی ئەوانەوە شانۆیان خۆشتر بووێت، گشت خزمەتێکی وەفادارانە و دەستخۆشی لە نووسەری بەڕێز دەکەین بۆ کتێبەکەی و بە هیوای تەمەندرێژی و زیاتر خزمەتکردن.

سلێمانی